## ئیڤان:

# دەمەوێ لە کارەکانمدا زیاتر پشت بە خۆم و تواناکانم ببەستم



زۆر جار کەسێك لە دوو بواردا کار دەکات و تـا رادەیەکـی زۆر لـە هەردووکیانـدا سـەرکەوتوو دەبێـت، هەندێکیش ناچارن یەك بوار هەڵبژێرن و یەکیان بە ناچاری بکـەن بـە قوربانـی ئەویتر(ئیڤـان باڵخێـی) یەکێکـە لە کچـە ئەکتەر و رۆژنامەنووسـە دیارەکانـی ئەمڕۆی هـەردوو بـواری رۆژنامەنووسـی و هونەری، کـە توانیویەتی لە بواری هونەرییـدا چەندیـن دەقـی تایبەت بۆ بەرهەمە شانۆییەکان بنووسێت، لەلایەکـی دیکـەوە توانیویەتـی لە بـواری رۆژنامەنووسیشـدا بوونی خـۆی وەك رۆژنامەنوسـێکی گەنـج بسـەلمێنێت و هـەر لـە رێـگای میدیاشـەوە رووی لـە بـواری هونـەری نواندن بکات. هەروەهـا جگـە لـە نوانـدن و رۆژنامەنووسـی شـیعریش دەنووسـێت و لـەم بوارەشـدا بـە دەقـە شـیعرییەکانی گوزارشـتی لـە جوانـی سروشت و خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی بکات.

کاری ڕۆژنامەنووسی و هونەری تا ڕاددەیەك پێوەندییان بە یەکەوە هەیە لە هەمان کاتدا کاریگەریشیان بەسەر یەکەوە هەیە لەم بارەیەوە ئیڤان دەڵێ: بێگومان هونەر و کاری نووسینی و ڕۆژنامە یەکتر تەواو دەکەن، کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسی دەرگای بۆ کردمەوە و ئەرکی ئاسان کردم، هەروەها ئەگەر وەك هونەرمەند خۆشحاڵم کە لە میدیاوە باسی من بکرێت، بێگومان ئەگەر ڕۆژنامە و میدیا نەبێ هیچ هونەرمەندێك بە ئاسانی دەرناکەوێ و ناسراو نابێ لەلایەن جەماوەرەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە من لە منداڵییەوە کە هێشتا تەمەنم تەنیا ٨ ساڵان بوو، حەزێکی زۆرم بۆ هونەرهەبوو، هەمیشە هەوڵمداوە کارێکی نوێ پێشکەش بکەم و ئەزموونێکی نوێ تاقی بکەمەوە، بەڵام هەندێجار بەهۆی کەسانێکی نەفام و نارۆشنبیرەوە دوورکەوتوومەتەوە یا بڵێین دابڕاوم لە کارەکەم، دواتر دەستم پێکردۆتەوە، ئەمەشیان بۆ پاراستنی هونەرەکەم بووە کە بێدەنگیم هەڵبژاردووە تا بتوانم بەردەوام بم، لە نێو دەریای هونەریشدا لە ٢٤دەقی شانۆیی ١٧ دەقی خۆمە لە هەندێکیشاندا تەنیا وەك ئەکتەر ڕۆڵم بینیوە و دوو کورتە فیلمی تایبەتی خۆشم هەیە بە ناوەکانی (زار)، (بارانی تەمی مەرگ).

لە بارەی کاری هونەری و ڕۆژنامەنووسیش ئیڤان دەڵێ: لەبەر ئەوەی هەردووکیان خولیای من بوون بۆیە لە هەردوو بواردا بەختەوەریی خۆم تیایدا بینیوەتەوە، بەڵام ئەوەی کە هەمیشە ئاسوودەم دەکات و چێژێکی جیاوازم پێدەبەخشێت، شانۆیە کە دڵی بە تەواوەتی داگیرکردووم.

یەکەم کاری هونەری ئیڤان تا ڕاددەیەك تایبەت و جیاواز بوو لە کارە هونەرییەکان لەم بارەیەوە دەڵێ: مایەی خۆشحاڵییە کە کاری یەکەمم تا ڕاددەیەکی زۆر جیاواز بوو، بە مۆبایل وێنەی پڕۆژە تازەکەم گرت و هیچ ئەکتەرێکیش ڕۆڵی تێدا نەبوو، چونکە نووسینی پیادەم لەو کارەدا بە کارهێناوە و هەموو کارەکان خۆم پێیان هەستاوم لە نووسین و دەرهێنان و وێنەگرتن و مۆنتاژ،، هۆکاری ناوەکەشی ترس و فۆبیای بەشێك لە مرۆڤەکانە بۆ سرووشت و هەموویشم لە شاری سلێمانی وێنەگرتووە. ڕەنگە بەرهەمەکانم سەرکەوتوونەبێت، بەڵام بڕوام بەوەش هەیە کە کەوتن نابێتە گرفت بۆ مرۆڤ ئەگەر ئیرادە و هیوای هەبێت دەتوانێت ئەو کەوتنە بکات بە بەشێك لەسەرکەوتن و زۆر پێویستە لە هەر کەوتنێکدا پەند وەربگرێت و بتوانێت چۆن پێچەوانەی بکاتەوە بۆ سەرکەوتن لە داهاتوودا. بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێ ببن بە سپۆنسەری کارەکەت، هەمیشە لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، بۆیە من نامەوێت کە سپۆنسەر بۆ کارەکانم بدۆزمەوە، هەندێك جاریش پاڵپشتی کردنی بەرهەمەکان بەشێوەیەك دەبن، کە دەبێت حیزبی بیت یان کەسێکی سەرمایەدار.


جگە لە هونەر و کاری ڕۆژنامەنووسی ئیڤان حەزێکی زۆری بۆ نووسینی شیعر هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئایا شیعر بە گشتی و شیعرەکانی خۆی ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی خۆیەتی ئیڤان دەڵێ: ئەگەر شیعر یان هەر بەرهەمێك ڕەنگدانەوەی ژیانی خاوەنەکەی بێت واتە خۆی تێدا ببینێتەوە سەرکەوتووتر دەبێت، بێگومان بەشێك لە شیعرەکانم ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی خۆمە و گوزارشتیان لێدەکەن، بەڵام ئەو ئازارانە هۆکارێك نەبوون تا من دەست بدەمە قەڵەم و شیعر بۆ ئازارەکانی خۆم بنووسم، بەڵکو من لە سەرەتادا شیعرم بۆ منداڵان نووسیووە، بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩٨ کە یەکەم شیعرم بۆ منداڵ نووسی، یە کەم شیعری منداڵانەم ١٩٩٨ نووسی.، هەروەها من شیعر بە تەنیا بۆ کەسێکی دیاریکراو نانووسم، تا ڕەنگدانەوەی هەبێت لە شیعرەکانمدا، بەڵکو هەندێ جار لە شیعرەکاندا بە باڵای کەسێکم دا گوتووە و کە بووەتە هەوێنی شیعرەکە.

هەر کارێکی هونەری یان ئەدەبی دووشاری ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگران دەبێتەوە هەندێك لەم ڕەخنانە بونیاتنەرن بە پێچەوانەوە هەندێکیان ڕووخێنەرن لە بارەی ڕەخنەوە ئیڤان دەڵێ: بێگومان ڕەخنە پێویستە بۆ هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری، بۆیە هەر ڕەخنەیەك دووربێت لە نەفسێکی ڕق و داخ لە دڵانە لێ ناترسم و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە قەبووڵی دەکەم، چونکە دەمەوێ لە کار و داهێنانی خۆم بەردەوام بم و بەلاشمەوە گرنگ نییە کە بەرهەمەکەم سەرکەوتووە یان نا، بەڵکو هەوڵێکە و ئەزموونێکی دیکەیە لە ژیانی هونەری مندا، بە باش و خراپی بەرهەمەکەشم هەر ڕازیم، چونکە تاقی کردنەوەیەکی ترە لای من.

هەروەها لە بارەی سەرکەوتن و شکستدا لە هەر کارێکدا دەمەوێ ئاماژە بۆ وتەیەکی بەنرخ بکەم» کە دەڵێت: (حەز دەکەم هەڵە بکەم، تا ڕاستی بزانم) سەرۆك وەزیرانی هیندستان (ئەندیرا غاندی) لە کاتی خۆیدا ئەم قسەیەی کردووە، سەبارەت بە شکستیش دەڵێم، وانەی یەکەمی سەرکەوتنمە و لەخۆبایی بوونیش کەوتنی مرۆڤە .

**هەمیشە هەوڵمداوە کارێکی نوێ پێشکەش بکەم و ئەزموونێکی نوێ تاقی بکەمەوە، بەڵام هەندێجار بەهۆی کەسانێکی نەفام و نارۆشنبیرەوە دوورکەوتوومەتەوە یا بڵێین دابڕاوم لە کارەکەم، دواتر دەستم پێکردۆتەوە**

**هەر ڕەخنەیەک دووربێت لە نەفسێکی ڕق و داخ لە دڵانە لێ ناترسم و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە قەبووڵی دەکەم، چونکە دەمەوێ لە کار و داهێنانی خۆم بەردەوام بم و بەلاشمەوە گرنگ نییە کە بەرهەمەکەم سەرکەوتووە یان نا، بەڵکو هەوڵێکە و ئەزموونێکی دیکەیە لە ژیانی هونەری مندا**



# گاگا بە ئافرەتی ٢٠١٥ هەڵبژێردرا

هەرچەندە کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی لەیدی گاگا رایگەیاند کە بیر لەوە دەکاتەوە بە یەکجاری واز لە هونەر و گۆرانی بهێنێت، بەڵام گۆڤاری (Billboard)ی تایبەت بە بواری موزیك، هەڵبژارد وەك (ئافرەتی ساڵ) ئەمەش تا رادەیەك سوپرایز بوو بۆ خودی گاگا و کەسە نزیکەکانی.

دوای بەدەستهێنانی ئەم نازناوە گاگا وتی: زۆر خۆشحاڵم بە بەدەستهێنانی نازناوی (ئافرەتی ساڵی ٢٠١٥)، چونکە بە راستی ئەمە ئەو ساڵەیە کە هەرچییەکم ویست ئەنجاممدا، نەك ئەوەی کە خەڵك پێیانخۆشە و داوام لێبکەن چی بکەم. واتە زیاتر لە هەموو کاتەکان پشتم بەخۆم و ئارەزووەکانی خۆم بەست.

دەربارەی ئەو دەنگۆیانەی گوایە بیر لەوە دەکاتەوە واز لە هونەر بهێنێت گاگا وتی: لە کۆتایی ساڵ ٢٠١٤ پسپۆڕێکی بواری جلوبەرگ لێی پرسیم: دەتەوێ لەمەودواش هەر ئەستێرە بی؟ منیش پێم گوت: دەزانی ئەگەر بتوانم ئەم شەمەندەفەرە رابگرم هەر ئێستا رام دەگرت، بەڵام بە داخەوە ناتوانم.

هەر سەبارەت بە هەمان پرس گاگا بۆ گۆڤاری Billboard وتی: من ئێستا پێویستم بە حەسانەوە هەیە، چونکە دەمرم، کاتێك بە هێزەوە کار دەکەی هەست بە ئاسوودەیی ناکات، وا هەست دەکەی کە کەسێك زللەیەکت لێ بدات و نەتوانی بە وردی بیر بکەیتەوە.

گاگا بە جلوبەرگە سەیر و سەمەرەکانی ناسراوە لەم بارەیەوە دەڵێ: تۆ ناتوانی رۆحی خۆت بفرۆشی دوای ئەوەی درووستت کرد، هەڵەیەکی گەورەیە کە بە دوای پارەدا بگەڕێی و هەوڵ بدەی لە لوتکەی بمێنیتەوە، پێموایە ئەوەی من دەیکەم هەموو کەس پێیخۆشە، بەڵام من من کچێکی جیاوازم.







# سانا ئێرانی دەچێتە پێشبڕکێیەکی جیهانییەوە

کچە ئەکتەری تەلەفزیۆن و سینەمای هیندی بە ڕەچەڵەک ئێرانی سانا ئێرانی کە بە (کۆشی) ناسراوە هەڵبژێردراوە بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ Most Handsome Facesبۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەمەش جاری یەکەمە بۆ پێشبرکێیەکی لەم جۆرە دەپاڵێورێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەوادارانی سانا هەڵمەتێکیان دەستپێکرد لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پشتگیری کردن و پاڵپشتی کردنی ئەستێرەکەیان و کۆکردنەوە زۆرترین ژمارەی دەنگ بۆی.

خەڵاتی Most Handsome Faces خەڵاتێکی ساڵانەیە و لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ یەکەم جار دەستی پێکردووە و کەسایەتییە جیهانییەکان لە هەموو ڕەگەزەکان بەشداری تێدا دەکەن لە پیشە و کارو کەلتووری جۆراوجۆر، هەروەها تەنیا پشت بە جوانی و سەرنجڕاکێشی نابەستێت بەڵکو زیاتر پشت بە دەنگدان و چەند پێوەرێکی دیکە دەبەستێت و وەك ڕێکپۆشی و کەسایەتی، ئامادەبوون و کاریگەریی لەسەر خەڵك و چەند پێوەرێکی دیکە.

سانا ئێرانی لە سەرەتای کاری هونەریدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆوە بەهۆی ئەوەی نەیدەزانی بە زمانی هیندی قسە بکات، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانیی سەرکەوێت بەسەر ئاستەنگەکان و ئێستا بە یەکێك لە ئەستێرە ناسراوەکانی هیندستان دەناسرێت.



# زینە: ئەحمەد عز وەک مریشک وایە

خانمە ئەکتەری میسری زینە هێرشێکی زۆر توندی کردە سەر هونەرمەند ئەحمەد عز بێ ئەوەی ناوی بهێنێت و بە مریشك وەسفی کرد لە هەمان کاتدا بە سەرسوڕمانەوە وتی: نازانم چۆن خەڵك دوعاو نزای بۆ دەکەن کەچی ئەو هیچ مافێکی نییە و ستەمکارە نەك ستەم لێکراو.

زینە لەسەر ئەکاونتی خۆی لە ئەنستگرام: لە دڵتان گران نەبێ، بەڵام من پرسیارێکی هەندێك سەیر دەکەم. ئایا هەر کەسێك قسە لەگەڵ مریشك دوعام بۆ بکە؟ من نازانم ئایا ئەمە چۆن دەبێ، تکایە کەسێك تێم بگەیەنێت.

زینە زیاتر نووسیویەتی: پێش ئەمە قسەی لەگەڵ دایکی مریەم کردبوو و وتی دوعام بۆ بکە، باشە ئەم ئافرەتە دوعای بۆ بکا چی بڵێ؟ دەڵێ بڕۆ کۆڕم خوا بەسەر منداڵەکانت سەر بخا یان ستەم لێکراو بەسەر ستەمکار سەر بخا؟ یان دەڵێ خوا یارمەتیت بدات و بەهێزت بکات، یان خوا تۆڵەت لێ بکاتەوە.

لە کۆتاییدا نووسیویەتی: پێتانوایە چ دوعایەك بۆ مریشك بکرێت، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەی بەسەر خست، زۆر حەزم دەکرد بزانم دوعای چی و چۆنی بۆ دەکەن.

شایەنی باسە کێشەیەکی یاسایی لە نێوان زینە و ئەحمەد عز هەیە دەربارەی ڕەچەڵەکی منداڵەکەیان و دادگا ناچاری کردووە بڕی ٥٧٠ هەزار جونەیهی میسری وەك خەرجی پارێزەران بدات.

## شەیما شەرەف:

# ورووژاندن بۆ سەرکەوتنی فیلم شتێکی پێویست نییە

**لە وڵاتی مەغریب گرنگییەگی زۆر بە بواری هونەر و بەتایبەتی نواندن دەردێت بۆیە دەبینین لە پەیمانگا و ئەکادیمیا تایبەتەکانی هونەر ساڵانە بە سەدان کوڕ و کچ بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی پێدەگەیەنرێن و روو لەو بوارە دەکەن، ئەوەی زیاتر مایەی سەرنجە کە وشیاری و رۆشنبیریی خەڵك لە ئاستێکی بەرزدایە و رێز لە هونەر و هونەرمەندن دەگیرێت و حکومەتیش ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ ئەم بوارە و ساز کردنی فیستیڤاڵە هونەرییەکان تەرخان دەکات، شەیما شەرەف یەکێك لەو کچانەی کە حەز و ئارەزووەکی زۆری بۆ هونەری نواندن هەیە و لە چەندین ڤیدیۆ کلیپ وەك ئەکتەر بەشداری کردووە و ئێستا قوتابییە و خۆی بۆ چەند کارێکی هونەری نوێ ئامادە دەکات، بۆ باس کردنی گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندە مەغریبییەکان و چەند پرسیارێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** سەرەتای چوونت بۆ نێو بواری نواندن و بەتایبەتی شانۆ، بە حەز و ئارەزووی خۆت بوو، یان بە رێکەوت بوو؟**

-ئەوەی راستی بێت زیاتر لەسەر داوای مامۆستاکانم بوو لە قوتابخانە، یەکەم جار لە ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندن بەشداریم لە شانۆگەرییەکدا کرد، دوای ئەوەی بەشێك لە مامۆستاکانم توانای منیان بینی هانیان دام کە پەیوەندیی بە کۆمەڵ شانۆوە بکەن، دوای ماوەیەك هەستم کرد عەشقم بۆ شانۆ هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە، بۆیە ئاوێتە بوونی خۆم لەگەڵ شانۆ بە سەرەتایەکی جوان دادەنێم و هەست دەکەم دووبارە لە دایکبوومەتەوە.

**● ئێوە لە سینەمای مەغریبی تا چەند سەرکەوتوو بووك لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە؟**

سینەمای مەغریبی توانیویەتی کە بوون و شوناسی خۆی دەربخات و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەست بهێنیت بە جۆرێك کە شایەنی تێرامان بێت لە رێگای هەندێك لە فیلمەکانی کە بابەتی کۆمەڵایەتی واقعی چارەسەر کردووە و لە پلەی یەکەم دێت لە خستنەڕووی ئەوە بابەتانەی کە جورئەتێکی زۆریان پێویست بوو بۆ ئاشکرا کردنیان، بەڵام ئێستا سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە لە بواری هونەری، هەروەها رەزامەندی بینەریشی بەدەستهێناوە، تەنانەت بووەتە بەشێك لە رۆتینی ژیانی رۆژانەی، چونکە بژێوی وواقعی تاڵی ژیان و ئەو کەلێنە کپ کراوانەی لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا هەیە دەخاتە روو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا سینەمای مەغریبی هەموو ئامانجەکانی نەپێکاوە لەوانەش کۆکردنەوەی زۆرترین بینەر.

*** زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە ورووژاندن و گرتەی سەرنجڕاکێش دوو تایبەتمەندیی سینەمای مەغریبین، ئەمە تا چەند راستە؟**

- سوپاس بۆ خوا سینەمای مەغریبی بەردەوام لە سەرکەوتندایە و پێش دەکەوێت، بۆیە ئەم تۆمەتانە بۆ من گرنگ نین و کاریگەرییان بەسەر منەوە نییە.

***پێتوایە ورووژاندن کارێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی کاری سینەمایی؟**

-نەخێر، چونکە سینەما فیلمی واقعی نیشان دەدات بە هەموو مانایەکەوە بە گرتەی سێکسی و ورووژاندنیشەوە، راستە مەرج نییە چیرۆکی هەموو فیلمەکانی واقعی بێت، بەڵام ورووژاندن کارێکی پێویست و سەرەکی نییە بۆ ئەوەی فیلم سەرکەوتوو بێت. یان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە ورووژاندن بگاتە جەماوەر و پێشوازیی لێ بکات

*** بۆچی سینەمای مەغریبی بە جورئەت و رووژاندن تاوانبار دەکرێت؟**

- تەنیا لە سینەمای مەغریبیدا ئەمە نییە، ئەگەر سەیری سینەمای میسری بکەین زۆر لە مەغریبی جورئەتی زیاترە، ئێستا جۆرە کرانەوەیەك لە هەموو وڵاتاندا هەستی پێدەکرێت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە هەموو جیهاندا کچە ئەکتەرەکان ئیستغلال دەکرێن لە لایەن دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان بە هەموو شێوەیەك.

من دڵنیام ئەوەی دەربارەی سینەمای مەغریبی دەگوترێت تەنیا ئیرەیی پێ بردنە، ئێستا کەسانێکی زۆر ئیرەییمان پێ دەبەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەبینن سینەمای مەغریبی بەردەوامە لە سەرکەوتن.

**● ئامادەی رۆڵی ورووژێنەر ببینی، بۆچی؟**



- هەڵبەتە من ئەکتەری و نواندنم خۆشدەوێت، بەڵام زیاتر هونەرێکی پاك و بێ ورووژاندنم خۆشتر دەوێ، شەیدای هونەری سینەمام، بەڵام هەوڵ دەدەم دوور بکەومەوە لە رۆڵی ورووژێنەر، لەبەر ئەوەی نامەوێت هێڵی سوور ببەزێنم، ئەو هێڵەی بۆ من دیاریکراوە ناتوانم لێی دەربچم، چەندین داواکاری رۆڵی ورووژێنەرم لە چەند وڵاتێکی عەرەبی پێگەیشتووە، بەڵام من دەمەوێت سەرەتایەکی جوان و پاکم لە نێو سینەما هەبێت.

*** وەك ئەکتەرێکی کچ کە لەسەرەتای قۆناغەکانی هونەریدایت، ئەو ئاستەنگانە چین کە هاتوونەتە سەر رێگات؟**

- بێگومان هەر کارێك مرۆڤ ئەنجامی بدات لەسەرەتادا رووبەرووی گرفت دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەتێك لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری بێت لە کۆمەڵگای هاوشێوەی خۆمان، هونەرمەند دووچاری زەحمەتییەکی زۆر دەبێتەوە تا بتوانێت ناوێك بۆ خۆی پەیدا بکات و بوونی خۆی وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتووی بسەلمێنیت ئەمە پێویستی بە چەند ساڵێك دەبێت، گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەندیش بە رای بەردەوام بوونیەتی لە بوارەکە.

***ئەگەر پروپاگەندەی نادروست بەرامبەر بکرێ، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەی؟**

- پروپاگەندەکان پشتگوێ دەخەم و هیچ گرنگییان پێنادەم و خۆمیان پێوە سەرقاڵ ناکەم، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە راستی هەمیشە لە هەموو قسەیەکی نادروست بەهێزترە.